# به ریوه چوونی کوری ماته مینی یادی خاتوونــــــی هوونه ر و موسیقای کورد، خاتوو مه رزیه ی فه ریقی له ئوسلو پیته ختی نورویژ

روژی یه کشه ممه، ریکه وتی 25 ی سپتامبری 2005 له کاتژمیر 4 تا 7،5 ی ئیواره، بونه یه کی شکودار و ریزدارانه بومال ئاوایی کردن له خاتوونی هوونه ر و موسیقای کورد، خاتوو مه رزیه ی فه ریقی له لایان "کومیته ی هاوکاری پارتی کوردستانی یه کان له نورویژ" له شاری ئوسلو، پیته ختی نورویژ به ریوه چوو.
سه ره تا په یامی سه ره خوشی کومیته ی هاوکاری پارتی یه کوردستانی یه کان له لایان به ریز کاک شاهو پیشکه ش کرا، پاشان ده یان ووته ی جوان، بیره وه ری، هه لبه ست، په خشان، موسیقا و په یامی سه ره خوشی و... له لایان ریزدارانی ژنی شورشگیر وئازای گه له که مان، خاتوو مه رزیه پیشکه ش کرا.

### ریزی به رنامه کان به م شیوه ی خواره وه بوو:

- پیشکه ش کردنی چه ند پارچه یه ک په خشان، هه لبه ست و ژیاننامه ی خاتوو مه رزیه له لایان به ریوه به ر ی کوری ماته مین، کاک عیماد.
- په یامی کومیته ی هاوکاری پارتی یه کوردستانی یه کان له نورویژ(کومه له ی شورشگیر، یه کیه تی نشتیمانی، پارتی دموکراتی کوردستان، پارتی دموکراتی کوردستان- باکوور، حیزبی دموکراتی کوردستان، حیزبی شیوعی کوردستان، پارتی یه کیه تی کورد له سوریا و پارتی ئازادی کورد له سوریه)
- ووته و لاوانه وه ی به ریز "په یمان عومه ر"
- بیروه ره ی و هه لبه ستی به ریز کاک "بیهرووز سه لاواتی"
- په یامی کومه له ی ژنانی کورد- "یوویک" له لایان خوشکه "په روانه"
- په خشانیک –له لایان خوشکه "کویستان"
- په خشانیک له لایان بەریز کاک مـــەنسـور سـوفی
- په یامی هوونه رمه ندانی نورویژ له لایان به ریز کاک "قادر ئه لیاسی"
- په یامی ژنانی سه ربه خو له لایان خوشکه"نشتیمان"
- په خشانیک له لایان خوشکه "شه مال"
- په یامی ریکخراوی کومه ک له لایان خوشکه "سولاف"
- په خشانیک له لایان به ریز کاک "ئاسو"
- بروسکه ی ریکخراوی دژی ره گه ز په ره ستی SOS
- په یامی ریکخراوی ژنانی کومه له له لایان خوشکه "فریشته"
- په یامی لاوانی کومه له له لایان کاک "کاکو"
- په خشانیک له لایان به ریز کاک "عارف باوه جانی"
- په یامی کومه له ی کوردی – "کونگسوینگر" له لایان کاک "ئه بووبه کر"

- په یامی یه کیه تی ژنانی دیموکرات له لایان خوشکه "ئه لیاسی"
- بروسکه ی یه کیه تی لاوانی دموکرات
- بیره وه ری به ریز کاک "موسی مه ریوانی"
- په یامی یه کیه تی ژنانی روژهه لات له لایان خوشکه "نه رگس"
- په یامی یه کیه تی گه نجانی کوردستان
- پارچه هه لبه ستیک له لایان کاک "هیوا"
- چه ند پارچه موسیقایه ک له لایان هوونه رمه ندی لاو کاک "دانیه ل"
-

له م کوره ی ریزگرتنه دا سه دان که س له خه لک به شدار بوون، به شیکی زوریان له شاره کانی ده ور و به ری ئوسلوه وه هاتبوون، خه لک هینده زور بوون که سالونی"ناوه ندی کولتووری گرونلاند" جیگای دانیشتنی بو ئه و هه موو که سه نه بوو، به لام خه لک هه روا پول پول ده هاتن و ده چوون و به چاویکی پر له فرمیسک و به ناباوه ریه کی ته واو گویان ده گرت له ریزی به رنامه کانی پرسه و سه ره خوشی. هه روه ها چه ندین که سیش به پیشکه ش کردنی چه پکه گول، مال ئاوایان له خاتوونی هه لکه وتووی موسیقا و لی هاتووی خه باتی ژنان، مندالان و گه لی چه ویساوه کان ده کرد.
چه نده سه یره که مه رگی بی واده وا به ئاسانی ده توانی گه لیک تووشی ره شپوشی و خه م و په ژاره یه کی ئاوا گه وره بکات، چه نده ناخوشه مروفیکی ئه ونده خاوه ن ریز و شکو، له کاتی گه شه ی ژیان و پی گه یشتنی، کوری ئازیزانی به جی بیلی و بی مال ئاوایی له ناویان کوچ بکات و خاکی سارد و خاموش جه سته ی گه رمی له باوه ش بگریت. ئیمه دلنیایین که ئه و مروفه دلسوزه نه مردووه و که س ناتوانی ئه م راستی یه تاله وا به ئاسانی باوه ر بکا... تو زیندوویی له کوری بانگه واز، له سرودی ئه وانه ی وا به عه شقه وه به ره و کاروانی خه بات و تیکوشان وه ری ده که ون، له ناو دلی ملیونی خه لکی ئه مه گناس و تینویی ئازادی و به خته وه ری... ئه وان به جیت ناهیلن.
کومه له ویرای سوپاسی خه لک بو به شداری چالاکانه و ریزدارانه ی کوری مال ئاوایی له خاتوو مه رزیه ی فه ریقی، جاریکی تر سه ره خوشی خوی پیشکه شی بنه ماله ی فه ریقی –ره زازی ده کا و خوی به شریکی خه میان ده زانی.
ئیمه هه روه ها سوپاسی هه موو ئه و هاورییانه ده که ین که به پیوه ندی گرتن له گه ل کومه له له نورویژ ئاماده بوونی خویان بو به ریوه بردنی ئه رک له م پیوه ندیه دا ده ربری.
هه زاران سلاو له گیانی پاکی خاتوو مه رزیه و هه موو گیانبه خت کردوانی کاروانی ئازادی و سه ربه ستی !
کومه له ی شورشگیری زه حمه تکیشانی کوردستانی ئیران ـ کومیته ی نورویژ

**Commite off komala in Norway**
**Tel : (0047) 219 194 08 - 900 891 26**
**Postbanken : 05355661913**
**Adress : komala – postboks 115 linderud**
**Postnr 0517 Oslo Norway**
**E . mail : komala_no@hotmail.com**